پارێزگاری هەولێر سەردانی بریندارانی ڕووداوەکەی تەقینەوەی فەرماندەیی زەرەقانی کرد لەکاتی مەشق

پارێزگاری هەولێر سەردانی بریندارانی ڕووداوەکەی تەقینەوەی فەرماندەیی زەرەقانی کرد.

داوای ئەوەی دوای نیوەڕۆی دوێنێ دووشەممە 6ـی 1ـی 2025، لەکاتی مەشق و ڕاهێنانی یەکەی ئەندازیەی هەڵگرتنەوەی مین و تەقەمەنی فەرماندەیی زەرەقانی لە هەولێر، "بەمبەکی بچووک" تەقییەوە و بەهێزەوە ئەفسەرێک و سێ پێشمەرگە بریندار بوون، ئومێد خوشناو پارێزگاری هەولێر، سەردانی بریندارانی ڕووداوەکەی کرد و لە نزیکەوە لە دۆخی تەندروستیانی پرسی و هیوای زوو چاکبوونەوەی بۆ خواستن.

جێگای باسە، بریندارەکان سووک و مامناوەندن لەسەر ژیانیان نییە و ڕەنگە سبەی بتوانن بگەڕێنەوە ماڵی خێزان و تەندروستیان باشە، بەگوێرەی ڕاگەیاندراوەکەی فەرماندەی زەرەقانی.